# ڕاگەیاندنی فراكسیۆنی فەعالیەت بە نێوی كۆمەڵە

لەم ڕۆژانەی دوایی و بە شوێن بڵاوبوونەوەی هەواڵێک لە ماڵپەڕی "ڕێنێسانس نیوز"دا سەبارەت بە "فراكسیۆن ... ئوردووگاكان بەجێ دێڵێ" هەندێک "سەرنج و تێبینی" لەو ماڵپەڕەدا بڵاو كراونەتەوە كە بە پێویستمان زانی ڕا و سەرنجی فراكسیۆن لەو بابەتانەوە بە ئاگاداری بیروڕای گشتی بگەیەنین.

1- "ڕێنێسانس نیوز" هەواڵەكەی لە زمان "سەرچاوەیەكی ئاگادار..."ەوە بڵاو كردووەتەوە. ئێمە بەم جۆرە ڕادەگەیەنین كە ئەو "سەرچاوە ئاگادارە" لە كەسانی بە ڕەسمی ناسراوی فراكسیۆن نین و ئەو شتانەش كە باس كراون، تەنیا هەڵوێست و بۆ چوونی "سەرچاوە ئاگادار"ەكەیە.

2- لەو "بۆچوون و تێبینیانە"دا كە لە ژێر هەواڵەكەدا بڵاو كراونەتەوە، چەند كەسێک بە نێوی "ئەندامی فراكسیۆن"ەوە شتیان نووسیوە و لە هەندێكیاندا قسە لە "یەكگرتنەوە" لە گەڵ لایەنەكانی دیكە كە بە نێوی كۆمەڵەوە كار دەكەن كراوە و هەر وەها بێ حورمەتی بە كەسانێک لە هاوڕێیانی تەشكلاتیمان كراوە. ئێمە بە پێویستی دەزانین كە جاریكیتریش ئەوە ڕوون كەینەوە كە بێ حورمەتی كردن و چوونە نێو ژیانی شەخسی ئینسانەكان لە كێشەیەكی سیاسیدا كارێكی ناڕەوا و دوور لە پاراستنی مافی ئینسانیی تاكەكانە. ئێمە لە مەیدانی كێشەی چەندین ساڵەماندا بە توندی دژ بەو شێوە بوین و بە تەواوی خۆمان لێ پاراستوە، ئێستاش ئەو شێوە بۆچوونانە بە توندی مەحكووم دەكەین. سەبارەت بەو قسە و باسانەش كەدەربارەی "یەكگرتنەوە" كراون پێویستە بڵێین كە ئێمە لە مەیدانی كار و چالاكی سیاسیماندا قەت درگای دیالۆگمان لە ڕووی خۆمان دانەخستوە و بەردەوام بۆچوونێكی كراوەمان سەبارەت بە دانیشتن و دیالۆگ هەبوە. بەڵام مانای ڕێككەوتن و یەكگرتن بەخشین بەو بۆچوونە، بە كارێكی ساكار و ساویلكانە دەزانین. لە گەڵ ئەوەش ئێمە حورمەتی ئەو هاوڕێیانەمان كە ساڵەهای ساڵ هاوخەباتمان بوون سەرڕای بیر وباوەری ئەمڕۆیان، لە لامان بەرز و ڕێزدارە و هەڵسەنگاندنیان لە گەڵ جوموووری ئیسلامی بە كارێكی ناڕەواو قەبیح دەزانین.

3- لێرەدا بۆ ئاگاداری بیرو ڕای گشتی ڕادەگەیەنین كە هەڵوێست وبۆچوونی ڕەسمی فراكسیۆن یان هەواڵ و ڕاگەیەندنەكانی فراكسیۆن بە نێوی "كومیتەی هاوئاهەنگی فراكسیۆن" وێڕای ئیمایل ئادرەسی ئەو كومیتەوە بڵاو دەكرێتەوە. هەر هەواڵ یان بابەتێک بە هەر نێوێكی دیكەوە هیچ پەیوەندییێكی بە فراكسیۆنەوە نیە و تەنیا نوێنەری بیر و بۆچوونی نووسەرەكەی دەبێت. هەروەها ئەندامانی فراكسیۆنیش لە گەڵ ئەوەی كە بۆ دەربڕینی بیرو ڕای خۆیان بە تەواوی ئازادن، بە دڵنیاییەوە بە ئیمزای ڕاستەقینەی خۆیانەوە ئەو بابەتانەیان وا پەیوەندی بە فراكسیۆنەوە هەبێت بڵاو دەكەنەوە، كەوایە هەر هەواڵ یان بابەتێک كە بە بێ ئیمزای ڕاستەقینە سەبارەت بە فراكسیۆن بڵاو ببێتەوە هیچ پەیوەندییێكی بە فراكسیۆنەوە نیە.


كومیتەی هاوئاهەنگی فراكسیۆن

2ی مارس 2009

ffb_k@yahoo.com ff.bk@hotmail.com